دوو نامەی شیعریی قانع و د. شۆ

ئەحمەد شوکری (دکتۆر شۆ) کاتێ کە لە بەرزنجە دەبێت، دوو هۆنراوە دەنوسێت و دەینێرێت بۆ (قانع) ی شاعیر . لەهەردوو هۆنراوەکەدا داوای ئەوەی لێدەکات کە بێت و لەبەرزنجە ببینێت . لە هۆنراوەی یەکەمیدا (کەلێرەدا بلاوی دەکەینەوە)بەشێوەیەکی ئاسایی داوای بینینی دەکات ، بەڵام لە هۆنراوەی دووەمیدا شێوەیەکی توند بەخۆیەوە دەبینێت ، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە قانع وەڵامی هۆنراوەی یەکەمی ناداتەوە . لەڕوانگەی هونەری هۆنراوە نوسینەوە هەردووهۆنراوەکە سادەو ساکارن ، جۆرێکن لە هۆنراوەی سەر بە ئەدەبیاتی میللی کوردی . تەنانەت هۆنراوەکەی قانعیش کەوەڵامی هۆنراوەکەی ئەحمەد شوکرییە بەهەمان شێوەیە . ئەمە گرنگ نییە بەئەندازەی ئەوەی کە هەریەک لەم نامە هۆنراوەییە دڵدانەوەی دۆخی دەرونی یەکترییەن و بەشێکن لەو ژیانە ونبووەی ژیاننامەی هەردوو شاعیر لەڵایەکەوەو لەڵایەکی تریشەوە هەندێک کۆدیان تێدایە کە دەبێت لێکۆڵەر بەهەند وەریان بگرێت وەک ئەوەی قانع دڵێت (گەهێ ئیمامی مزگەوتم بەتەواوی)کەدیارە تا ئێستا واباوە کە قانع مەلایەتی نەکردووە . بەکورتی ، هەردوو هۆنراوەکە کەرەستەی باشیان تیادایە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیاننامەیان کە تاوەکو ئێستا بەنادیاری ماونەتەوە ١.

ئا: ڕێبوار حەمە تۆفیق

نامەی یەکەم : لەڕۆژی ١٩٥١/١/١٥ دا ئەحمەد شوکری ئەم هۆنراوەیە دەنوسێت و ڕەوانەی قانعی دەکات:

لەبەرزنجە ئەوا بێ ئاوو بێ نان
کەمالێی کەوتووم ئەی کاکی سەرکان
هەواس و فیکرو هۆشم لانەماوە
دڵم گیرا وبوریشم پەرێشان
بەئێرەی وتووە ئەم زەریول میسالە
هەقیقەت ناوی کەورەو دێی وێران
لەچاو بەرزنجەدا دۆزەخ بەلامۆ
وەکو فیردەوسی ئەعلایە بەقورئان
دەبا دوعابکەم کاول بێ یەکسەر
شەوو ڕۆژ بۆی بپارێمۆ لەیەزدان
کەقەت داری بەسەر بەردۆ نەهێڵێ
بیێتە جێو مەکانی ورچ و دێوان
بەوە نەهتێ دڵم خۆشە کە ئێرە
بەئەکسەر شێخن وخزمن هەموویان
وەرە (قانع) بە ئەموالم بزانە
چلۆن گیرۆدەبووم و خانە وێران
ئەگەر بێت و نەیەیت وەڵڵا وەیلا
سەراپا دات ئەشۆم وەک سەیلی باران
کەوابوو بێ دەمی من بەرمەدە خۆت
هەڵی ڕێژم خەمی دڵ تالەلاتان
شوکور بۆچی بکەم (شوکری)جەننانی
وەها کەر پێم برا ، دەک بێ بەسندان

نامەی دووەم : لەڕۆژی ١٦/ ٢/ ١٩٥١ دا قانع وەڵامی دکتۆر شۆ دەداتەوەو دەڵێت :

سەلام ئەی سەروەری ئەربابی عیرفان
حەکیم و سەردەسەی پۆلی ئەریبان
لەشیعرا وەک نیزامی و شێخی سەعدی
لەمیکمەتدا کەلێ چاکتر لە لوقمان
لە عیلما شێخی ئەزهەر عەبدی تۆیە
لە نوتقا چاکتری بێ شک لەسەعبان
هەزاران تاقەرین بێ بۆ وەفاکەت
منت پیرکەوتەوە وەک جاری جاران
نەتالێ دەست و پەنجەت تاقیامەت
بەسەربەستی بژیت تاخەتمی دەوران
منیش باحالی خۆمت بۆ بەیان کەم
کەهێ واعیزو چاوکەی دین و ئیمان
کەهێ ئیمامی مزکەوتم تەواوی
کەهێ کوێرو زەلیل و قاریی قورئان
کەهێ دارکێش‌و کاهێ تاشەوانم
کەهێ پەرژین کەری باخات و بێستان
کەهێ کوێگر لە ڕادیۆ بۆ سیاسەت
کەهێ دێوانەم و شەرقە لەسەر شان
کلەت کردبوو لەبەرزنجە براکەم
دەخیلت بم نەکەی ئامان سەر ئامان
براء ئەوجیگە جیگەی نور و بەخشە
براء بەرزنجەیە جێی شێری شێران
براء هەرکەس ئەبینی خزمی خۆتە
چە خۆشە پێگەوە تۆو کۆری خزمان
عەبیرە خاک و خۆڵی ئاوی کەوسەر
بەمن بێ ئەو بەشە نادەم بە ڕزووان
براء سەرفی نەزەر فەرموو لە ئەمڕۆم
کەڕێگە پر لەزوقمە و بەفرو باران
منیش پیرم لەسایەی تۆوە پیادەم
وڵاخم جاشەکەوشە و دارو کۆچان
بەڵام چەندێکی تر دێم بۆ حزورت
وەکو دێوانە بۆلای پیری پیران

١- سەرچاوەی ئەم دوو هۆنراوەیە کەشکۆڵێکی د.شۆیە کە ساڵی ١٩٥١ نوسیویەتی و ئێستا لای من پارێزراوە



نامەکانی ڤانکوخ

نامەی ٢٨

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: سالار مەجید

تیوی ئازیزم: لەبەر ئەوەی خەڵکانی تر لە بارەی منـــەوە نامەیان بۆ نوسیویت و باسی منیان بۆ کردوویت، منیش ئەمەوێت چەند دێرێکی تر زیاد بکەم و ئەم نامەیەت بۆ بنوسم، تیوی ئەزیزم دەزانم پێتخۆشە کە لە حاڵی من بزانیت و ئاگاداری کارکردنم بیت و ڕاستەوخۆ لە منەوە نامەت پێبگات.

ڕۆژانـــی خۆرەتاو لە ماڵ دەڕۆمـــە دەرەوە و دەڕۆم بۆ دەشت و دەر، ئێستا کاری گەورەتر دروستدەکەم و هەندێکیان ئەوانەن کە لێرە بوویت و بینیوتن. لە شەقامی (روزندا ل) کارێکم کێشاوە کە وێنەی ماڵێکی بچوک و ژووری زەخیرەکەیەتی و سەربانەکەشی بە پوش داپۆشراوە و کارێکی تریشم ئامادە کردوە کە دیمەنێکە بەرامبەر ئەو ماڵەی وێنەی ئاشێکەو گەڵای دیواری کلێساکەیە، هەروەها هێڵکارییەکی ترم ئامادە کردووە کە دیمەنی ئەو داربڕەوانەیە کە لە دەشتەکەدا خەریکی برینی دارێکی سنەوبەرێ گەورەن. لەگەڵ ئەوانەدا سەرگەرمی سوود وەرگرتنم لە وێنەکێشانی ئامێرو کەرەستەی جۆراو جۆر، وەک گالیسکە و گاسن و ..... هتد.

وێنەی داربڕەوەکان لە هەموو کارەکانی تر باشترەو لەو باوەڕەدام کە تۆش ئەو کارەم پەسەند دەکەیت.

فنسنت ڤان کوخ

ئەتن ١٨٨١

تیوی ئەزیزم:

...کتێبی (وانەی ڕەنگی ئاوی) بەرهەمی ((کاسان))م دەست کەوت و ئێستا سەرگەرمی خوێندنەوە و فێربوونی ئەو وانانەم، ناشمەوێت لە داهاتوودا بە زۆر وا لە خۆم بکەم کە بە ڕەنگی ئاویی وێنە بکێشم، لەوانەیە شێوازی کارکردن بە ڕەنگی سپی (قاوەیی) یان مرەکەبی چینی لەو وانانەدا نیازی من بن. تا ئێستا تەنها بە قەڵەم و قامیش کارم کردووە چونکە وێنەکێشان بەو قەڵەمانە بۆ من باشترو ئاسانترە .

ئەو جۆرە کارکردنە کە لەم کارانەی دواییدا ئامادەم کردوون زۆرتـر هێڵکاری بـوونو زۆر پێویست بوون کە گرنگی تەواویان پێبدەم بە پریسپیکتیڤ ئەم کارەم بریتیە لە وێنەی کارگەیەکی ئاسنگەری و دارتاشی و پێڵاودروو .

(ڤ) خانم لێرە ڕۆشت و ڕۆشتنی ئەویش بە تەواوی دڵتەنگی کردم.. ئەو ژنە مۆدێلێکی باش بوو کە وەک هەموو ئەو کچە مۆدێلانەی کە هاتونەتە ماڵەکەم وێنەم کێشاوەو مەکینەیەکی دروومانیشم لە تابلۆکەدا کێشاوە.

لەم زەمانەی ئێستای ئێمەدا ئامێری جۆڵایی ئیتر نەماوەو ئەوەش جێگەی داخە، جۆڵایی لە بارەی شێوەو ڕەنگەوە بۆ هێڵکاریو وێنەی ڕەنگی زۆر سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئێستا مەکینەی دروومانیش بۆ کاری ڕەنگیی هیچی لە جۆڵاییەکە کەمتر نییە.... ڤنست ڤان کوخ